نووسینی د . زاهیر سوران
25 ی جەنیوەری 2005

# سییە سۆ بە Respiratory Syncytai Virus
# RSV infection

یەکێکە لە گرنگترین و بڵاوترین سییە سۆکانی کۆرپەی تەمەن ژێر 2–3 ساڵی . زۆرجاران مرۆ بە تەمەنیش تووشی ئەم سییە سۆیەی بۆریچکە هەوایەکان دەبێت . بە تایبەتی سۆیەکە لە مانگی جەنیوەری و بە گشتی لە زستان دا دەردەکەوێت . ساڵانە لە جیهاندا نزیکەی نیو ملیۆن کەس بەم سییە سۆیە دەمرێت .

## هۆزانی

هۆی سۆکە ڤایرۆسێکی جۆری RNA ی (paramyxovirus) . گەردیلەکانی ڤایرۆسەکە نزیکەی 6 کاژێر لەسەر رووی رەقی دەرەوە دەژین . دوو جۆرن A و B بەڵام نیشانەکانی هەردوو جۆرەکە زۆر لە یەکتری دەچن . سابون و دەرمانی پاکژکردنەوە ڤایرۆسەکە ناچالاك دەکەن .

## ماوەی کرکەوتن

ماوەی کرکەوتنی ڤایرۆسەکە نزیکەی 4–6 رۆژە .

## رێگاکانی گواستنەوە

– پەیوەندی راسەوخۆ ، پرژە ودلۆپە شلەی نێو دەمولووتی نەخۆش (لە کاتی کۆکە و پژمیندا) .
ڤایرۆسەکە لە نێو نێوپۆشی دەمولووت و چاو دا هەیە .

## نیشانەکان

– تالێهاتن لە نێوان 38.3–39.4 پلەدایە .
– زۆرجاران کۆرپەی ژێر یەك مانگان شیری دایکی یان مەمکەمژە نامژێت (ناگرێت) .
– نیشانەی هەڵامەت (ئاوبەلووتی منداڵدا دێتەخوارەوە) ، بەڵام منداڵ سییە سۆی بۆریچکە هەوایەکانیەتی .
– کۆکە و خیزەی سنگی منداڵ دەبیسرێت.
– لە یەکەم تێروانیدا مرۆ هەست دەکات منداڵەکەی سییە سۆیەتی (منداڵ پشویسوار دەبێت) .
– لە زۆربەی بارەکاندا لە 1– 2 هەفتەدا نیشانەکان دەرەوێنەوە .
لە 1– 2٪ بارەکاندا منداڵ بە تەواوی نەخۆشە و پێویستە لە نەخۆشخانەی منداڵاندا چارەسەری نیشانەکانی بکرێت .

## دەستنیشانکردن

– وەرگرتنی نمونەی شلەی نێو کونە لووتەکان و ناردنی بۆ چاندن .
– تێستی Immunofluorescens (IF) .
– تێستی Enzym Immunology Antigendetection (EIA) .
– تێستی PCR کاتێکی زێدتر دەخایەنێت .

## چارەسەرکردن

– ئۆکسجیندان بە منداڵ و دامرکاندنەوەی نیشانەکان .

– لە هەندێك ولاّتدا ئەنتیڤایرۆسیش دەدەن بە نەخۆش .

## خۆپاراستن

– پاکوخاوێنی دەستەکان ، شتنیان بە ئاووسابون یان بەکارهێنانی پاکژکەرەوە . تێکەڵنەبوون لە گەڵ نەخۆشدا زۆر گرنگە . بە مەبەستی خۆپاراستن دژی سییە سۆکە دەرزیەك بە نێوی (Synagis) Palivizumab لە شێوەی کوتاندا لە ئیمونۆگلۆبولین پێکهاتووە و لە بەشی پێشەوەی رانی منداڵ دەدرێت .

## کوتانەکە لەم بارەدانا بەکاردەهێنرێت :

– ئەو منداڵانەی لە 35 هەفتەییدا لە دایکبوون و تەمەنیان لە 6 مانگان تێپەڕناکات .

– ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە ژێر 2 ساڵانەوەیە و بەڵام لە 6 مانگی رابووردوەوە بە هۆی تەسکبوونەوەی بۆریچکە هەوایەکانی سییەکانیان تووشی گیروگرفت بووبێت .

– منداڵی ژێر 2 ساڵان کاتێك لە زگماکییەوە گیروگرفتی دڵی هەبێت .

بە پێی کێشی منداڵ دەرزییەکان بەکاردەهێنرێت ، هەر 15 ملگم دەدرێت بە 1 کگم کێشی منداڵ

**تێبینی** : ئەم ڤایرۆسە لە لەشدا بەرگری دروست ناکات لەوانەیە پاش ماوەیەکی تر ڤایرۆسەکە چالاك ببێتەوە .

### سەرچاوەکان


1. Handläggning av RSV-infektioner. Info från Läkemedelverket. Sverige, 2000; 11 (6):7-32.
2. Tomas Bergström, Virusinfektioer, Klinik, Diagnostik och behandling, Glaxo Wellcom AB, Sverige, 1997. S. 41-43.
3. Iwarson S, Norrby R. Infektionsmedicin, epidemiologi, klinik och terapi. Partille: Säve Förlag, Sverige 1998.
4.www.fass.se